# ئەو ساتانەی ناسرێنەوە

## (شانۆی شار)

## (١)

هەمیشەو بە درێژایی مێژوو ماڵی شانۆ هێماو سیمبولی هەرە دیاری ژیارو شارستانیەت بووە، ئەوەیە یۆنانیەکان و پاشان رۆمانییەکان، کە دەگەڕێنەوە بۆ پتر لە بیست و پێنج سەدە، کە هەتا هەنووکە بەگەردن بەرزیەوە بە باڵای رۆژگارەکاندا دەڕوانن. بە رادەیەك تەلاری شانۆکان کاریگەرییان لەسەر سەردەمەکان هەیە، کە بوونەتە ناسنامە و چاخەکانیانی پێ لە یەکدی جیادەکرێتەوە، ئەوە چاخەکانی ناوەڕاست و، پاشان (رێناسانس) و، رۆژانی (رۆمانتیك) و شانۆکانی (ریالیزمی)، ئێمە کە هەر ناوی شانۆی (بەڵشەوی تیاتر)ە پاشان (شانۆی هونەری مۆسکۆ).

تەلارسازیی هەر جۆرە شانۆیە پابەندی خواست و بیر و بۆچوونی رۆژانییەتی، سەرەتا شانۆیەکی گەورەی داتاشراو لە گرد و تەلان و هەورازەکانی بەربڵاوی کراوە، ئەمە پاش ئەوەی شانۆ وردە



وردە لە چوارچێوەی پەرسگاکان هاتە دەرێ، هەر چۆن دەسەڵاتی دونیایی تەنگی بە دەسەڵاتی ئاینی هەڵچنی و، بابەتەکانیش بەرووژیان دا واڵاکرد.

کاتی یەکەم شانۆمان لە مێژوودا واتە (سیسپیس) بەیاد دەکەین، ئەو بە گالیسکەیەکەوە، کە بەشانۆیەکی گەرۆك بوو، شارەو شارو گونداو گوند دەگەڕا، واتە سەرەتا شانۆ بۆ لای بینەر دەچوو، هەتا ئەو دەمەی شانۆ بۆ خاوەنی ماڵی خۆی. گەر سەرنجی (ئینسایکلۆپیدیای)کانی ئەم هونەر بدەین، پتر لە سەد جۆرە تەرزی شانۆ دەهێنیتەوە، زۆرجار شارەکان بە ناوو شوهرەتی شانۆکەوە دەناسرێنەوە، یان وەبیرهێنەرەوەی شارەکەن هیچ کەس نکۆڵی لەوە ناکات، ناوی (گڵۆپ تیاتر)(لەندەن) و بەریتانیای مەزن و سەردەمی بە ناوبانگی (ئەلیزابێسی) و (شکسپیر)ی مەزن وەبیر دەخاتەوە، هەر چۆن (شانۆی مۆسکۆی هونەر)ی (ریالیزمی سوشیالیزم) و شۆڕشی (ئۆکتۆبەر) و کەسانی وەك (ستانسلافسکی) دەهێنێتەوە بەرچاومان، یان چۆن شانۆی (بەرلینەرئینسابڵ)ی بەرلین، گەورەترین ململانێ و رۆژانی سەخت و دژوارمان بۆ دەنەخشێنێ، رۆژانی جەنگ، بە تایبەتی جەنگی دووەمی جیهان و شێتگیری و دڕندەییەکانی نازی و دیکتاتوریەتی (هیتلەر)و، سەرهەڵدانی شانۆی بەیتئامێزی (برتۆلد بریخت)و، جیاوازیەکانی لە تەك شانۆی ناسراو بە (ئەرستۆتالیس)ی.

ئەم داهێنەرە توانی بەردی بناغەی شانۆیەکی هۆشیار دابنێ و، لە چەندین خاڵی گەوهەریندا لە شانۆکانی راهاتووی بەر لە خۆی جیاببێتەوە، ئەو شانۆیەی (بریخت) زۆر جار بە شانۆیەکی دیالێکتیکی (الجدلی) ناسراوە، ئەمەش بۆ ئەو لایەنە دەگەڕێتەوە کە توانای جیهان بۆ گۆڕانکاری پشت بە شێوازی دژواری دەبەستێت، رووداوەکان وا لە خەڵکی دەکات وەك خۆیان بمێننەوە، لە هەمان کاتدا شتێکیش هەیە کە دژو ناکۆکە و لە یەکدیان جیادەکاتەوە. (بریخت) توانی لە داهێنانێکی مەزنی شانۆییداو، لە چێوارچێوەی بەیتئامێزییەکەیدا، شانۆیەکی نوێی بنیات بنێ، یەکێ لەو بوارانەی هونەری تەلارسازی، تەلاری شانۆیە، ساڵ لە دوای ساڵ پتر گرینگی پێدەدەن هەتا بتوانن پتر لە باری بکەن بۆ گەیاندن و چێژی خۆشی بەخشین بە بینەران، لە سەرجەم گەشت و گەڕانەکانمدا، بە تایبەت بۆ ئەوروپا، پەرۆشی بینینی شانۆی ئەو وڵاتانەم، یەکێ لەو شانۆیانەی بە تەواوی حەیرانی کردم، شانۆیەکی شاری (پۆتسدام)بوو لە (ئەلمانیا) کە بەناوی ئەو ئەکتەرە جوولەکە کۆمینێستەوە ناونراوە، کە ساڵی (١٩٤٤) لەلایەن (هیتلەر)ەوە کوژراوە، واتا شانۆی (هانس ئۆنۆ) کە هەر بەو بۆنەیەوە پەیکەرێك لە بەردەم تەلاری شانۆکەدا بۆ دانراوە،

■
# ئەحمەد سالار

## تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

دوو شانۆیی (چێخەف)م تیادا بینی، شانۆیی سێ (خوشکەکە) و شانۆیی (باخی گیلاس). هەر لە وڵاتی (ئەڵمانیا) شارێك هەیە کە بەناوی (ماییننگن)ە، دانیشتوانەکەی هەر بیست هەزار کەس دەبن، بەڵام پتر بە شاری شانۆ ناسراوە و گەلێك شانۆی گرینگی تیادایە، کە لە سەرانسەری جیهانەوە خەڵکی شانۆپەروەران رووی تێدەکەن و گرینگترینیان شانۆی (مینیشگرتیاتر)ە، هەر لەو شانۆیەدا شانۆی (فاوست)ی (گۆتە)م بە دوو رۆژ بینی، چونکە حەوت کاتژمێری دەخایاند بۆیە کرابووە دوو بەش، ئەو تەلاری شانۆیە تەلاری ماڵی (شا جۆرج) بووە و کردوویەتی بە شانۆی شارەکەی لە (درما تۆرج)ی گەورە (مانس نادۆلین)م بیست، کە خۆی کاری (دراماتۆرج)ی (فاوست) کردبوو، گێڕایەوە: (جارێك ئەو پاشایە لە (پاریس) دەبێ و هەواڵی سووتانی شانۆکەی پێدەگات، دەڵێ هەرچیەکم هەبێ بۆی دەفرۆشم و وەك خۆی دروستی دەکەمەوە، بەڵام خوابکا ئەرشیفەکەی لەناو نەچووبێ، چونکە ئەوەیان بە پارە نابژێرێ).

لە کاتی سەردانمدا بۆ ئەو شانۆیە، بینیم لە پشتی هەر کورسییەك تابلۆیەکی گچکەی ماتەری پێوە چەسپکراوە و هەریەکە ناوی کەسێکی لەسەر هەڵکۆڵراوە، زانیم ئەوە بۆ کاری نۆژەنکردنەوەی هەرکەسەو بەشداری بە پارە بەخشینێ کردووە کورسییەکەی پێ دروستکراوە بۆ ئەو شانۆیە.

لە گەشتێکما بۆ وڵاتی سوید کە (شانۆی سالار) بە فەرمی لەلایەن حکومەتی سویدەوە بانگێشت کرابووم کە لە نۆ شاری (سوید)دا شانۆیی بنوێنم، لەو نۆ شانۆیەدا جوانترین و بە سوودترین وانەی شانۆیم وەرگرت، لە شانۆی شاری (ستۆکهۆڵم)ەوە هەتا شانۆی شارۆچکەکانی وامدەزانی خەون دەبینم، دیارە ئەو خەونەمە کە بەردەوام بە ئایندەی شانۆی کوردستانەکەمەوە دەیبینم.

رۆشنبیرانی کورد هەر لە پاش روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییەوە یەکێ لەو بابەتانەی بیریان لێکردبوویەوە، بۆ زامنکردنی ئایندەیەکی جوان، هونەری شانۆبوو، بۆ گەواهی ئەم وتەیەمان ئەوە رۆشنبیران (منەوەران): پیرەمێرد، رەحیم رەحمی هەکاری، بەدرخانیان، شێخ نوری شێخ سالح، سالح قەفتان، مەلا عەبدوڵای زەیوەر، شێخ سەلامی عازەبانی شاعیر، جەلادەت بەدرخان، مستەفا سائیب، مەحموود جەودەت، گۆران، کەریم زانستی، فۆئاد رەشید بەکر، شاکیر فەتاح، شێخ ئەبوبەکر هەوری.

سەبارەت بە ماڵی تایبەت هونەری شانۆ، هەتا دروستکردنی قوتابخانەی ئامادەی سلێمانی کوڕان، پاش جەنگی دووەمی جیهان، لە شارەکەدا شانۆ نەبووە.

بەش بەحاڵی خۆم، زۆرجار لە باوکم بیستووە، ئەو شانۆییانەی لە ناوەڕاستی بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، وەك شانۆییەکانی (جولەئدی کۆلگێر)ی (شێخ سەلامی شاعیر)، یان شانۆی (نیرۆن) کە لە عەرەبییەوە کرابوو بە کوردی و ساڵی (١٩٢٦) لە لایەن قوتابخانەی زانستییەوە پێشکەش کراون لە قاوەخانە یان لە قوتابخانەکە پیشاندراون.

لە رۆژی (٢٧)ی تەموزی ساڵی (١٩٢٦) شانۆی (عیلم و جەهل)

بۆ ماوەی سێ رۆژ لەسەر سەکۆی ماڵی خوالێخۆشبوو (بەهێ خانی) ژنی (شێخ محمودی نەسر) پێشکەش کراوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٢٦) شانۆی (سەربازی ئازا) لەو شوێنەدا پێشکەش کراوە کە پاشان چاپخانەی (حەمەڕەق) بوو.

ساڵی (١٩٣٥) شانۆی (مەموزین)ی (پیرەمێرد) لەو شوێنەدا پێشکەش کراوە کە پێ دەگوترا، هۆتێلی (حاجی ئیبراهیم ئاغا)ی نزیك بەردەرکی سەرا، کە ئێستاکە چایەخانەی شەعب)ی پێدەگوترێ.. ئەمانە لە زەینمدا بەهۆی کۆششی ئازیزان (یاسین بەرزنجی،حەسەن تەنیا، کاوە ئەحمەد میرزا...) نەسڕاونەتەوە.

کەواتە هەرچەندە چالاکیەکی ناو بە ناوی پچڕ پچڕ لە دوتۆی چالاکی قوتابخانەکان و لەسەر دەستی کەسانێکی بەهرەمەندی ئارەزوومەندابوو، بۆیە هەبوونی ماڵی شانۆ پێداویستییەکی هەر گرنگی رۆژگارەکەبوو، کەواتە هونەرەکە چاوی هەڵهێناو ئیدی دەبێ لانەی خۆی هەبێ.

هەر بونەوەرە هەواری خۆی گەرەکە و تەنها لەو هەوارە لە بارەیەدا نەشونما دەکات و پەرەدەسێنێ، جارێکیان سەبارەت بە شوێنی هونەری شانۆ ووتبووم:

پێشینان لە خۆڕا نەیان ووتوە:
(بزن بۆ شەوێ جێی خۆی خۆشدەکات)
بۆیە منیش ناچارم لەسەر هەمان نەزم بڵێم:
خوا ئەوە بگرێ وەکو ئەو ناکات.

باشە یاران من پرسیارێ لە ئێوە دەکەم: بەلاتانەوە سەیرو جێی تیادا رامان نییە، لە راپەڕینەوە سەدان شار بە تەلاری باڵا باڵاوە، کە تەنگی بە باشترین زەوی کشتوکاڵی هەڵچنیوە بەری ئاسمانی تەنیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکە شانۆیەك بونیادنەنراوە؟ جارێك لە کۆڕێکی دەردەدڵ هەڵرشتنابوو، بینیم لەسەر ئەم بێ شانۆیە خواردبوویەوە، وتیان: ئەی ئەوە نییە تەلاری هونەر، منیش کەوتمە سەر کەڵکەڵەی بینینی ئەو تەلارە، راستە تابڵێی جوانە، بەڵام ئەوەی من لێی حاڵی بووم، هەرچەندە لە دڵی خۆمدا، وتم: خوا بکا من بە هەڵەدا چووبم. زانیم ئەمە بۆ مەبەستێکی دیکە کراوە، نەك بۆ شانۆ، دیارە بۆ کۆنگرەی پارتە سیاسیەکان.

**بەلاتانەوە سەیرو جێی تیادا رامان نییە، لە راپەڕینەوە سەدان شار بە تەلاری باڵا باڵاوە، کە تەنگی بە باشترین زەوی کشتوکاڵی هەڵچنیوە بەری ئاسمانی تەنیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکە شانۆیەك بونیادنەنراوە؟**



## محەمەد تەها:

# هەموو کەسێک ناتوانێت گۆرانی کلاسیک بڵێت

محەمەد تەها ئاکرەیی یەکێکە لەو هونەرمەندانە کە هەر لە سەرەتای هەشتاکانەوە تا ئێستا لە گۆرانی گوتن بەردەوامە، و لەبەر ئەوەی لەگەڵ هونەرمەندانی بە ئەزموونی کوردستان ژیاوە و خۆیشی شارەزاییەکی زۆری لە هونەر هەیە پێی وایە پێویستە هونەری کوردی بکەوێتەوە سەر ڕێچکەی جارانی خۆی.

لە بارەی گۆرانییە کلاسیکییەکان محەمەد تەها ئاکرەیی دەڵێ: زۆر لە گۆرانیبێژەکانی ئێستامان ئەو توانا هونەرییەیان نییە کە بتوانن گۆرانیی کلاسیك بڵێن بەتایبەتی توانا دەنگییەکان، چونکە گۆرانیی کلاسیك پێویستی بە توانایەکی دەنگی زۆر هەیە.-وەك گوتم توانای دەنگی زۆر پێویستە، هەروەها پێویستی بە توانایەکی مێشکی زۆر هەیە بۆ ئەوەی بتوانرێ شیعری کلاسیکی کوردی بە تەواوی لەبەر بکرێت، چونکە لەبەر کردنی ئەم شیعرانە تا رادەیەك زەحمەتترە لە شیعری ئاسایی یان شیعری گۆرانی.

محەمەد تەها هەر لەو بارەوە دەڵێ: من پێموایە هونەرمەندی سەرکەوتوو ئەوەیە کە هونەر لە خودی خۆیدا هەبێت، کاتێك دەردەکەوێت و ئەو بەهرەیەی هەبێت بتوانی دەری بخات، بەجۆرێك هونەرەکەی خۆی بیکات بە هونەرمەندێك کە هەموو لایەك شایەدی بۆ توانا هونەرییەکانی بدەن.



## ئاینور:

# نابێ لە فۆلکلۆر دوور بکەوینەوە

ئاینۆر دۆگان وەك زۆر لە ئافرەتانی باکووری کوردستان بە دەنگ و توانا هونەرییەکانی خۆیەوە توانیویەتی خزمەتێکی زۆر بە هونەری کوردی بکات لە بواری گۆرانی گوتندا شوێن پێی خۆی دیاری بکات، جگە لە گۆرانی شۆڕشگێڕی لە هەر بۆنە و یادێکدا ئامادەبوو بێت ئەوا ژمارەیەك گۆرانی فۆلکلۆر و رەسەنی کوردی پێشکەش بە ئامادەبووان کردووە .

سەبارەت بە پێشکەوتنی هونەری کوردی دەڵی: بێگومان بە ئەکادیمی کردنی هونەری کوردی زۆر گرنگە بۆ زیندووکردنەوەی هونەری کوردی، پێموایە ئەگەر ئەو گەڕانەی ئێمە بە شێوەیەکی ئەکادیمی نەبێت بێگومان هەوڵەکان سەرکەوتوو نابن، پسپۆڕان و توێژەران دەتوانن ئەرکەکانی خۆیان دیاری بکەن لەم بوارەدا بۆ ئاستی هونەری کوردیش دەڵێ: مۆسیقا و گۆرانی کوردی گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر بەرز و هەنگاوی زۆر باش لەم بوارەوە هاوێژراوە، لە دێر زەمانەوە هەتا ئەمڕۆ مۆسیقای کوردی بەردەوامە بۆیە دەبینین فۆلکلۆر بۆتە هەوێنی مۆسیقای کوردی و گۆرانیبێژانی کورد هەمیشە گۆرانییان چڕیوە و هەوڵی پاراستنی هونەری رەسەنی کوردییان بۆیە نابێ لە فۆلکلۆر دوور بۆ ئەوەی هونەری کوردی بگاتە ئاستێکی جیهانی.

## یەڵدا عەباسی:

# هونەر کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دابونەریتەکان هەیە

هەرچەندە خانمە گۆرانیبێژی کورد یەڵدا عەباسی لە ساڵی ١٩٨٧ لە شاری شیروان لە دایکبووە ڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە تەکنۆلۆژیای زانیاری بەدەست هێناوە لە هەمان کاتدا دەستی داوەتە گۆرانی وتن و بە زیندووکردنەوەی موزیکی رەسەنی باکووری خوراسان دەستی پێکردووە، و لە ساڵی ٢٠٠٨دا یەڵدا بەشداری لە فیلمێکی دۆکیومێنتاریدا کرد بەناوی «تەرەقە» کە لە دەرهێنانی محەمەد حەسەنە و ٦ خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی.

یەڵدا سەبارەت بە پێوەندی هونەری کوردی بە گشتی و هونەری ئێرانییەوە دەڵێ: لە تەواوی دنیا هونەر هۆکاری رەسەنایەتی و بڕوابوونی نەتەوەیی بووە، لە باکووری خوراسان بە هۆی فرە نەتەوەیی، هونەر هەمیشە رووی جیاوازی نەتەوەکان نیشان دەدات، جیاکردنەوەی هونەر لەگەڵ دابونەریت و کەلتور کارێکی ئەستەمە، چونکە هونەر کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دابونەریتەکان هەیە، لە باکووری خوراسان هونەر، لە باکووری خوراسان کورد هونەرێکی تایبەت بە خۆی هەیە بە هۆی بوونی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندی، کاریگەری لەسەر هونەری نەتەوەکانی دیکە هەبووە و بەسەریاندا زاڵ بووە.

سەبارەت بە ئامێرە موزیکییەکانیش دەڵێ: هەر لە منداڵییەوە ئامێری دووتارم بەکارهێناوەو هەر لەسەر دووتار بەردەوام دەبم، بەڵام لەم ماوەیە بۆ تەواو کردنی خوێندنی موزیك پیانۆش دەژەنم.چونکە دووتار پێشینەی چەند هەزار ساڵەی هەیە و دەتوانین بە دایکی تەنبوورو سێتاری دابنێین.لەبەر ئەوەی هەر لە منداڵییەوە گوێم بەم موزیکە ئاشنا بووە و بەشێك بووە لە ژیانم، دەنگی دووتار بەشێك بووە لە گێڕانەوەی مێژووی کەلتووری نایاب و دێرین، چونکە ئەمە لە خێزانەکەمان لە رێگای دایکمەو پارێزراو بووە، منیش وەکو دایکم بڕوام بەم رێچکەیە هەبوو، دووتارم بە ئامێرێکی رەسەن زانیوە و هەڵمبژاردووە.





## کەژاڵ ئادەمی:

# هەر بەرهەمێک لەسەر بنەمای زانستی بێت و پەیامێکی روونی هەبێت تەمەنی درێژ دەبێت

*** پێتوایە ئەو هۆکارانە چین کە دەبنە مایەی بەردەوامبوونی هونەرمەند؟**

- کۆمەڵێک هۆکار هەن کە یارمەتیدەرن بۆ مانەوەی هونەرمەند. گرینگترینیان ئاستی بەرهەمە هونەرییەکانین. گەر هونەرمەند خاوەن شێوازی تایبەتی خۆی بێت و داهێنەر بێت و بەرهەمەکانی لەسەر بنەمای زانیاری و بە هۆشیارییەوە بخولقێنێت و خاوەن پەیامێکی ڕوون بێت کە هاودەنگ لەگەڵ دەنگی خەڵک بێت و وشە بکاتە بەر ئەو هەستانەی کە زۆرینەی تاکەکان خۆیانی تێدا دەبیننەوە، بێگومان تەمەنی بەرهەمەکانی درێژتر دەبێت. خولقاندنی لەم شێوە بەرهەمانە پێویستی بەچەند فاکتەری گرینگ وەکو شارەزایی تێر و تەسەلی هونەرمەند و هەروەها هاوکاریکردنی لە لایەن کەسانی بەهێزی دنیای هونەر و ڕاگەیاندنەوە هەیە.

*** هونەرمەندان بەگشتی و تۆش یەکێکی لەوانە بەگرفتی جیاجیا تێپەڕدەبن وەك شوكردن و پڕوپاگەندەو تەڵاقدان و گرفتی لەم جۆرانە، ئەم کێشانە چ کاریگەرییەکیان دەبێت لەسەر کاروانی کچە هونەرمەندەکان ؟**

هونەرمەندیش وەکوو هەموو تاکێکی ئاسایی کۆمەڵگە لەپاڵ ژیانی هونەریدا ژیانی ئاسایی خۆیشی هەیە. شادی و ئازار دەبینێت، دڵداری و دڵشکاندن، جودایی و ویساڵ، خەم و خۆشی. کاریگەری کێشەکانی ژیان لەسەر تاک پێوەندی بە کار و پیشەیەوە نییە. ئەوەی لەم نێوانەدا ڕووخێنەرە، پڕۆپاگەندەیە کە بەداخەوە هەندێک جار هونەرمەندان دەخاتە بەر هێرشی خۆی. پڕۆپاگەندە هەندێک جار دەتوانێت کاریگەری درێژخایەن لەسەر تاک دابنێت تا ڕادەیەک کە بتوانین وەک ئەشکەنجەیەکی دەروونی ناوی بەرین کە لە لایەن هێزی ڕاگەیاندنەوە دەسەپێندرێتە سەر تاک .

*** زۆر کەس دەڵێن ئافرەتە گۆرانیبێژەکان لەڕووی هونەرییەوە هیچیان پێ نییە و تەنیا پشت بە شێوە و ڕوخسار و خۆڕووتکردنەوە دەبەستن بۆ سەرکەوتن، تۆچی دەڵێی بۆ ئەمانە؟**

- هەروا کە «سوهراب» شاعیری ئێرانی دەڵێت «چاوەکانمان دەبێ بسڕین، بە شێوازێکی نوێ دەبێ بڕوانین». کەم نین ئەو خانمە گۆرانیبێژانەی کە بەهرەمەندن. وەرن با تەڕ و وشک پێکەوە نەسووتێنین. وەرن چاویلکەی هەوەس لە بەر چاومان لابەرین و ئافرەت پێش لەوەی وەک ژن ببینین وەک مرۆڤ ببینین. کاتێک لەباتی لەنجە و لاری ئافرەت سەرنج و بەهامان دایە تواناکانی، ئەو کاتە نە هیچ گۆرانیبێژێک بە پشت بەستن بە سینگ و بەرۆکی ڕووتی دەتوانێت ببێتە مەلەکەی دنیای داماوی هونەری کوردی و نە هیچ بێبەهرەیەک بە خاتری عیشوە و نازەکەی مۆرکی هونەرمەندی لێئەدرێت.

*** ئەی خۆت بۆ سەرکەوتنت پشت بە چی دەبەستی؟**

- بۆ سەرکەوتن پشت بە هەستم دەبەستم، چونکە بڕوام پێیەتی، بە دڵم کە پڕ لە سۆزە، بە ڕۆحم کە سەرەڕای هەڵەکانی هەر پاکە، بە پێنووسم کە قسەی هەیە بۆ وتن، بە دەنگم کە هاواری هەزارساڵەی دایک و خوشکەکانم خۆیان تێدا حەشار داوە. هەروەها بۆ سەرکەوتنم پشت دەبەستم بە توانایی خۆم و ئەو کەسانەی هاوکارمن. لەگەڵ کەسانێک کاری هونەری دەکەم کە سەد لە سەدا بڕوام بە تواناکانیان هەیە و شارەزا و مامۆستای بوارەکەن.

*** لە ژیانی خۆتدا چۆن سوودت لەم گرفتانە وەرگرتووە کە دووچارت بوونەتەوە؟**

- هەر گرفتێکی ژیانم فێری کردووم چۆن لەگەڵ گرفتی داهاتوو ڕووبەڕوو ببمەوە. لەگەڵ چارەسەرکردنی هەر گرفتێکی ژیانم بەهێزتر و هێمنتر بووم و تێڕوانین و تێفکرینم قووڵتر بووەتەوە.

*** جگە لە ناوبانگ و دەرکەوتن چیت لە ژیان دەوێ؟**

- خەیاڵێکی ئاسوودە، ژیانێکی بەختەوەر و ئازاد، دەروونێکی ئەهوەن و ئارام و هاوڕێیانێک کە منیان بە خاتری زاتی خۆم خۆش بوێت، نەک بۆ هەوڵ و بەرهەم و دەستکەوتەکانم.

*** هونەرمەندە لاوەکان پێویستیان بە چی هەیە بۆ ئەوەی ببنە هۆکاری پێشخستنی هونەر؟**

- شارەزایی پڕ سەبارەت بە مۆسیقا، هەردەم تینووی فێربوون و بەرەوپێش چوون، ڕوانگەیێکی بەرین، بیرۆکەی نوێ و گونجاو لەگەڵ مۆسیقای نەتەوەیی، هاوهەنگاو بوون لەگەڵ مۆسیقای سەردەم، ڕێچکەی نوێ و تایبەت بە خۆ، پشتیوانی ماددی و هاوکاری کەسانی شارەزا و دڵسۆز بۆ مۆسیقای نەتەوەییمان.

*** لە هونەرمەندە بە تەمەنەکان کەس هاوکاری کردووی؟**

- لە سەرەتای ئیشی هونەریمەوە هونەرمەندی کۆچکردوو عەباس کەمەندی بە ڕێنوێنییە بەنرخەکانی یارمەتیدەرم بوو. هەروەها بەرهەمی «شەهید» کە یەکێک لە یەکەم بەرهەمەکانم بوو لە هۆنراوەی بەڕێزیانە کە وەک دیاریەکی پیرۆز پێشکەشی کردم. دواتر هونەرمەند نەجمە غوڵامی لە بەرهەمێکی هاوبەشدا بە ناوی «جوانترین وشە» بە خستنی دەنگیان لە پاڵ دەنگم بوونە هۆی خولقاندنی یەکێک لە ئازیزترین بەرهەمەکانم. هونەرمەند غوڵامی لە هەموو ئەم ساڵانەدا وەک پشتیوانێکی بەهێز لەگەڵم ماون. هێز و کۆڵەکەی پشتیشم مامۆستا عەلی شەکووری-یە کە خونچەی سەرجەم بەرهەمە گۆرانییەکانم لەسەر دەستی بەتوانای بەڕێزیان پشکوتووە و گوڵی داوە.

*** ئایا هونەرمەندەکانی کورد لە ئەورووپا سوودیان لە هونەری بیانی وەرگرتووە؟**

- بەڵێ، لە بەرهەمی هەندێک لە هونەرمەنداندا ئەم کاریگەرییە بەدی دەکرێت.

*** چی شتێك زیاتر تووڕەت دەکات؟**

- کاتێک درۆم لەگەڵ بکرێت، یان بە هەڵە لێم تێبگەن.

*** بە جل و بەرگی کام وڵات سەرسامی؟**

- دوای جل و بەرگی کوردی، هەم مۆسیقا و هەم جل و بەرگی فۆلکلۆری وڵاتی ئازەربایجانم زۆر لا جوانە.

*** شارەزاییت لە چ ئامێرێکی میوزیکدا هەیە؟**

- وەکو حەزم لە زۆر ئامێری موزیک هەیە، بەڵام شارەزاییم لە کەمان هەیە.

*** گەر کوڕێك پێت بڵێ: تۆ جوانی، ئەوکات چ دەربڕینێکت دەبێت؟**

- سوپاسی دەکەم. ئەوانەی تێڕوانینی جوانیان هەیە، مرۆڤەکانیش جوان دەبینن.

**هەرچەندە کەژاڵ ئادەمی دەرچووی بەشی کۆمەڵناسییە، بەڵام بەهرەی شیعر نووسین و خۆشەویستیی بۆ گۆرانی وتن ڕێگر نەبوون لەوەی کە هونەرمەند و شاعیر بێت لە یەك کاتدا، بەشێك لە گۆرانییەکانیشی تێکستی خۆیەتی، بۆیە بە هەستێکی قووڵەوە ئاوێتەی گۆرانییەکانی دەبێت و بە هەستێکی جیاوازتر گۆرانییەکانی دەچڕێت. سەبارەت بە کار و بەرهەمەکانی و چۆنیەتی روانگەی بەرامبەر هونەر و هونەرمەندان لەم وتووێژەدا وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**